# بەرەوپێشچوونی تۆڕی شەقامەکان لە شاری سلێمانی

بەیان علی حسن بەشی جوگرافیا،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق
ئیمەیڵ: Bayan.hussain@univsul.edu.iq
شاد حمید محمد بەشی جوگرافیا،کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،هەرێمی کوردستان،عێراق
ئیمەیڵ: Shad.rasul@univsul.edu.iq

**پێشەکی:**

شەقامی ناو شارەکان، هۆکاری بەستنەوەی ناوچە جۆراوجۆرەکانن چ بەستنەوەی بەشەکانی ناوخۆی شار بەیەکترییەوە بێت و چ بە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکەوە، دەتوانێت بگاتە بچوکترین بەشی ئاوەدانی و نیشتەجێبوون، هەر ئەم گرنگیە زۆرەی تۆڕی شەقامی ناو شارەکان دیزاینەران و پسپۆرانی ئەم بوارەی هانداوە بۆ دروستکردن و داهێنانی بەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بە دیزاین و پلانی ئەم سێکتەرە گرنگەی شارەکان، پێوستە بە شێوەیەکی زانستی و پلان بۆ دانراو، درێژی و ئاڕاستەی شەقامەکان دیاریبکرێت، بۆ ئەوەی بە باشترین کوالیتی کارەکانی ناوشارەکان ئەنجامبدرێن (الدلیمی، ٢٠١٥، ص٣١١).

لێکۆڵینەوەی شوێنی لە تۆڕی شەقامەکان کاریگەریان لەسەر پێکهاتە جوگرافیە سروشتی و مرۆییەکان ڕادەی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی گەشەکردن یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی جوگرافیا، لەسەرەتاکانی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا گواستنەوە دادەنرا بە پێوەری ئاڵوگۆڕی پەیوەندی لەنێوان هەرێمە جوگرافیەکاندا وە باتەیبەتیش لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لەکاتی ئێستاشماندا هەرچەندە تۆڕەکانی ئەلیکترۆنی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیەوە هەروەها ڕێگای ئاوی و ئاسمانی و هێڵی ئاسنین پێشکەوتوون بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گواستنەوە بە ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل بایەخی خۆیان ماوە بەتایبەت لەناو شارەکاندا هۆکاری سەرەکی گواستنەوەن بەتایبەت لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ تاکە هۆکاری گواستنەوەیە ئەمەش چەندین هۆکار لێی بەرپرسە .

**کلیلە وشەکان:** تۆڕی شەقامەکان،مۆرافۆلۆجی شار،ئاڕاستەی شیقامەکان،فراوانبونی شار.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## چوارچێوەی شوێنی توێژینەوە:

شوێنی توێژینەوەکەمان شاری سلێمانییە، شاری سلێمانی سەنتەری پارێزگای سلێمانییە. پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراق که دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەم هەرێمە و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە کە لە خۆرئاواوە سنوری لەگەڵ وولاتی ئێرانە و لە باکور سنوری لەگەڵ پارێزگای هەولێرە و لە خۆرئاوا سنوری لەگەڵ پارێزگای کەرکوکە و لە باشور سنوری لەگەڵ ئیدارەی گەرمیانە و لە باشوری ڕۆژهەڵات سنوری لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەیە. واتە شاری سلێمانی سەنتەری پارێزگایەکە کە سنوری نێودەوڵەتی هەیە لە لایەک و لە لایەکی ترەوە سنوری لەگەڵ چوار پارێزگای تری باشووری کوردستاندا هەیە. دووری ئەم شارە لە سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە (٢٠٢)کم و لە سەنتەری پارێزگای کەرکوک (١٠٩)کم و لە سەنتەری پارێزگای هەڵەبجە (٨٣)کم و لە سنوری نێودەوڵەتی ئێران (١٠٥)کم. بڕوانە نەخشەی (١) .

سەبارەت بە شوێنی ئەسترۆنۆمی، شاری سلێمانی دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی " ٥٠ ´١١ °٤٥ و " ٠٠ ´٣٢ °٤٥ ی ڕۆژهەڵات و بازنەی پانی " ٤٧´٣٩ °٣٥ و "٠٩´٢٦ °٣٥ی باکوور، شوێنی شاری سلێمانی تاڕادەیەکی کەوتۆتە ناوەڕاستی پارێزگای سلێمانییەوە. بڕوانە نەخشەی (٢).

شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٩)دا دابەشبووە بەسەر (٢٣١)گەڕەکدا، پێکدێت لە شارەوانییەکانی (ناوەند و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و تاسلوجە) ڕووبەری شاری سلێمانی بەپێی ماستەرپلانی شار دەگاتە (٤٧٠کم٢) کە سنوری ناوچەی توێژینەوەکەمانە(کارنامەی شارەوانی سلێمانی ٢٠١٦، ل٦). ژمارەی دانیشتوانەکەی (٨٤٧٤٤٧)کەسە لە ساڵی (٢٠١٩) لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە هەمان ساڵدا (١٩٩٤٤٢٣)کەسە(حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠١٠، ل٢-١١)

## چوارچێوەی کاتی توێژینەوە

مێژووی توێژینەوەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانی، بەڵام زۆرتر تیشک دەخاتە سەر ساڵانی پاش پەنجاکانی سەدەی بیستەم چونکە لەو ساڵانەوە وردە وردە گرنگی بەشارەکان بەگشتی و ڕێگای گواستنەوە دراوە. لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکە زیاتر جەخت دەکاتە سەر بارودۆخی هەنوکەی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە

شەقامەکانی ئۆتۆمبێل هەنگاوی یەکەمە بۆ بەرەوپێشبردنیی شارەکان لە هەموو ڕووەکانی سیاسی و کارگێری و ئابووری ... هەروەها گەشەکردنی شارەکان لەسەر شەقامەکانی بەندە. هەر بۆیە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ئەمانەیە:


١- خستنەڕووی گەشەکردنی شەقامەکانی ئۆتۆمبێل بەپێی قۆناغە جیاوازەکان لە شاری سلێمانی وە دیاریکردنی کاریگەری ئەم قۆناغانە لەسەر گەشەکردنیان.

٢- دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی جوگرافیی شەقامەکانی ئۆتۆمۆبێل و قەبارەیان لەکاتی ئێستادا و لێکۆڵینەوە لێی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

نەخشەی (١)

شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:


١- حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، ٢٠١٨، زانیاری بڵاونەکراوە

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی gis، ٢٠١٨، زانیاری بڵاونەکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

نەخشەی (٢)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی ماستەرپلان، ٢٠١٩، زانیاری بڵاونەکراوە

## میتۆدی توێژینەوەکە

هەموو لێکۆڵینەوەیەک پێویستی بە میتۆدێک یاخود چەند میتۆدێک هەیە، بەمەبەستی زیاتر خستنە ڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان ئەوا لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتمان بەستووە بە میتۆدی مێژووی و بەراوردکاری شیکاری.

### هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەنجامدانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. هەڵکەوتەی جوگرافیی شاری سلێمانی هۆکارە بۆ گرنگیدان بە دروستکردن و پەرەپێدانی ڕێگاکانی ئۆتۆمۆبێل، چونکە شاری سلێمانی گواستنەوەی ئاویی نییە وە بەهۆی سەختی تۆبۆگرافی ناوچەکەوە بە گران و تێچوونێکی زۆر ڕێگای شەمەندەفەر دروست دەکرێت. هەموو ئەو هۆکارانە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گرنگی بدرێت بە شەقامەکانی ئۆتۆمۆبێل و گەشەیان پێبدرێت.

٢. گەشەکردنی شەقامەکانی ئۆتۆمۆبێل بەچەند قۆناغێکی جۆراوجۆردا ڕۆشتووە کە لە هەرقۆناغێکدا بەشێک لە شەقامەکانی ئۆتۆمۆبێل دروستکراوە، ئەمەش لە ژێر کاریگەری گەشەکردنی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا بووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

## کێشەی توێژینەوەکە

هۆکاری بەئەنجامگەیاندنی هەر توێژینەوەیەکی زانستی درکردنە بە چەند کێشەیەک لەو بوارەدا دیارە لێرەشدا ئەم توێژینەوە وەک هەر بابەتێکی تری زانستی لەسەر بنەمای چەند کێشەیەک بنیاتنراوە وەک هەنگاوێکی زانستی ناوەڕۆک و بابەتەکانی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو وە ئامانجی توێژەر دەخاتە ڕوو بۆ ئەو هەنگاوانەی کە پێوستە بیانگرێتە بەر لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بە شێوەیەکی دروست، لەگرنگترین ئەو پرسیارانەی کە کێشەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە.بریتین:

١. ئایا گەشەکردنی شەقامەکان لە شاری سلێمانیدا بەپێی قۆناغە جیاوازەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ بووە.

٢. –ئایا ئەو دابەشبوونە جوگرافیەی شەقامەکان لەسەر ئاستی شارەوانیەکان لە ئێستا و بەپێی ماستەر پلان بۆ داهاتوو، بەشێوەی هاوکێشەیەکی هاوسەنگ دابەشبووە کە بگونجێت لەگەڵ پێداوستییەکانی ئەو ناوچانەدا.

## گریمانەی توێژینەوەکە

هیچ توێژینەوەیەک بەبێ گریمانە نییە. ئەم گریمانەیە توێژەر دەگەیەنێت بەچەند دەرئەنجامێک، کە ئەو دەرئەنجامانە ڕەنگە پۆزەتیف بن یان نێگەتیف بن، لە هەموو بارێکدا بیروڕای توێژەر دیاریدەکات بۆ چارەسەرکردنی سەرەتایی بۆ توێژینەوەکە، لەگرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکە:

١.–شەقامەکان لە شاری سلێمانیدا بە چەند قۆناغێک گەشەی کردووە کە هەریەک لەو قۆناغە چەندین ڕوداوی جۆراوجۆری تێدا ڕوویداوە کە بووەتە هۆی گەشەکردنی شەقامەکان بەشێوازێکی جۆراوجۆربێت.

٢. شەقامەکان دابەشبوونەکەیان هاوسەنگ و گونجاو نییە لەسەر ئاستی شارەوانییەکان.

## پەیکەری توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە چەند بابەتێک بخەینەڕوو ، هەر بۆیە توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو باس. باسی یەکەم باس لە قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی دەکات ئەمەش دابەشدەبێت بۆ چوار بەش ئەوانیش یەکەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێش ساڵی ١٩٤٧ ، دووەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی(١٩٤٧_١٩٧٧)، سێیەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧–_٢٠٠٢)، چوارەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٩).

سەبارەت بە باسی دووەم باس لە دابەشبوونی جوگرافی شەقامەکانی شاری سلێمانی دەکات لەسەر ئاستی شارەوانییەکان ئەوانیش بریتین لە یەکەم: ناوەند، دووەم: شارەوانی ڕۆژهەڵات، سێیەم: شارەوانی ڕۆژئاوا، چوارەم: شارەوانی ڕاپەرین، پێنجەم: شارەوانی بەکرەجۆ، شەشەم: شارەوانی تاسلوجەو، حەوتەم: دەرەوە.

## باسي یەکەم: قۆناغەکانی مۆرفۆلۆجی شاری سلێمانی:

مۆرفۆلۆجی شار واتای شێوەی دەرەکی یان شێوە دەرەکییە گشتییەکەی شار، تێگەیشتن لە مانای مۆرفۆلۆجی شار و هۆکارەکانی، یارمەتیمان دەدات بۆ پلانڕێژی شار بەشێوەیەکی دروست(غنیم وأخرون، ٢٠١٦، ص١٦٩-١٧٠) چونکە پلانڕێژی شارەکان هۆکارێکی سەرەکییە چ لە پێدانی سیمایەکی شارستانی بەشەکان چ لە جێکردنەوە و دابەشکردنی زانستی بەکارهێنانی زەوی لەشارەکاندا، شار بەبێ پلان، واتە گەشەکردنی نشینگە بە شێوەیەکی هەرەمەکی، لەبەرئەوە هەر شارێک چالاکییەکانی لە چوارچێوەی پلانێکی بابەتی ئێستاو داهاتوودا دادەڕێژێت(الشواورە، ٢٠١٢، ص٣٣١). هەرچەندە ئەم ڕێژەیە لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازە گەشەکردوودا زۆر جیاوازە، لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوودا ئەم ڕێژیە بۆ لە ٣٩% نزیکدەبێتەوە). ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەراورد بەو ژمارە زۆرەی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

بەكارهێنانەكان لە شاردا، هۆكاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی هاتووچۆ بەهۆی چالاكی و كاری نوێ و دامەزراندنی دامەزراوەی نوێ كە پێوستیان بە شەقامی زیاتر و دامەزراندنی سیستمی هاتووچۆی كارا لە ناوچەكەدا دەبێت(الجابری، ١٩٩٩، ص٣١٦). ئەوەی تایبەتە بە ناوچەی لێكۆڵینەوە وەک هەر شارێكی تری جیهان قۆناغەكانی گەشەكردنی تایبەت بە خۆی هەیە، لە چوار قۆناغدا كورتیان دەكەینەوە، كە بریتین لە:

### قۆناغی یەكەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێش ساڵی ١٩٤٧:

ئەم قۆناغە هەر لە سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٧٨٤)( شوانی، ٢٠٠٢، ل١٧.) تا ساڵی (١٩٤٧) دەگرێتەوە(لەم ساڵەدا یەكەم سەرژمێری فەرمی ئەنجامدراوە لە وولاتی عێراق)، دەبینین ئەم قۆناغە بەراورد بە قۆناغەكانی تر ماوەیەكی زۆر دەگرێتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیستی گەشەی شار لەو كاتەدا و نەبوونی داتا و زانیاری(بابان، ١٩٩٨، ل١٥٢.). نەبوونی ماستەرپلان بۆ شاری سلێمانی لەم قۆناغە مێژوویەدا بڕوانە پاشكۆی (١)، هەر لەم ماوەیەدا چەند ڕوداوێكی گرنگ ڕوویانداوە لەوانە(كارنامەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤. و ڕەشە، ل٤٦٣-٤٦٤) :

١- دوای كۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بابانییەكان، شاری سلێمانی كەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، لەو كاتەدا كرایە لیوا و (هەیئەتی مشەوەرەتی) لە ساڵی (١٨٩٠)دا بۆ دامەزرێنرا، كە هاوشێوەی ئەنجومەنی شارەوانی ئێستا بوو.

٢- مێژووی هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ناوچەی لێكۆڵینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٦)، كاتێک خەلیل پاشا والی بەغدا بوو سەردانی ماڵی حاجی مەلا سەعیدی كرد.

٣- شارەوانی لە ساڵی (١٩٣٤)دا هەستا بەئەنجامدانی نۆژەنكردنەوەیەكی كەم و سادە لەو ڕێگا و شەقامانەی لە سەردەمی مێجەرسۆندا دروستكرابوون، جگە لە دروستكردنی چەند شەقامێک لەوانە (دروستكردنی شەقامێک لە بەر دەرگای مزگەوتی گەورە بۆ سابونكەران. دروستكردنی شەقامێک لە بەردەركی سەراوە بۆ گەڕەكی دەرگەزێن لەوێشەوە بۆ گردی سەیوان). لەبەر دەرگای مزگەوتی گەورە شەقامێكی تر بۆ گەڕەكی چوارباخ دروستكرا، بە شەقامی كەركوک ناوزەند كراوە، ئەو شەقامانە توانای پێدا ڕۆشتنی ئۆتۆمبێلیان هەبوو، لەبەرنامەدابوو ئەم شەقامانە بەشێوەیەكی پێشكەوتوو دروستبكەن و قیرتاوی بكەن.

٤- شارەوانی سلێمانی لە ساڵی (١٩٣٨)دا هەستا بە دروستكردنی شەقامێک، شەقامی مەولەوی ئێستا، بە (شەقامی تازە) ناودەبرا.

سەرەتا ئەم شارە تەنها لە گەڕەكی (مەڵكەندی) پێكهاتبوو، كە لە بنەڕەتدا گوند بووە (گوندی مەڵكەندی، لە كاتی دروستكردنی شاری سلێمانی لەم شوێنەی ئێستادا نەبووە، بەڵكو لە نزیک گردی سەربازگە (قشڵە- دەبۆ كۆنەكە)بووە، دوای دروستكردنی شاری سلێمانی، گوندی مەڵكەندی گوازرایەوە) (دەزگای ڕاگەیاندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان، یادی دوو سەد ساڵەی شاری سلێمانی، زنجیرە (١)ی ١٩٨٤، سلێمانی، ل١٢.). پاشان كۆنترین گەڕەک كە لەم شارەدا دروستكرا بریتی بووە لە (گەڕەكی گۆیژە)، دەكەوێتە ڕۆژهەڵات و باكوری شاری سلێمانی، پاشان گەڕەكی دەرگەزێن لە ڕۆژهەڵات، گەڕەكی چوارباخ لە ڕۆژئاوا، گەڕەكی كانی ئاسكان لە باكوری ڕۆژئاوادا، گەڕەكی سەرشەقام لە باشور،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

کەواتە شاری سلێمانی لەو کاتەدا لە گەڕەکەکانی (گۆیژە، مەڵکەندی، کانی ئەسکان، دەرگەزێن، چوارباخ، سەرشەقام، جولەکان) پێکهاتبوون (*)(عزیز، ٢٠٠٣، ل١٢١) بڕوانە نەخشەی (٣).

لەم قۆناغەدا ڕووبەری شاری سلێمانی (٣،٠٨)کم٢ بووە، ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٥٥٢٠)کەس بووە، واتە چڕی دانیشتوان (١١٥٣٢،٥)کەس/کم٢، درێژی شەقامەکان بەم جۆرە بوون: سەرەکی (٢٣،٣)کم و لاوەکی (٦٤،٩)کم و داخراو (٤)کم بووە. سەرجەمی درێژی شەقامی ئەم قۆناغە (٨٨،٢)کم بووە، واتە چڕی شەقام (٢٨،٦)کم/کم٢ بووە. بەرکەوتەی هەر تاکێک (٢،٥)م بووە، زۆرترین جۆری شەقامەکان لەم قۆناغەدا بریتی بووە لە شەقامی جۆری ئەندامی کۆنە. خشتەی (١).

خشتەی (١)

فراوانبوونی ڕووبەری شاری سلێمانی و شەقامەکانی لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٤٧_٢٠١٩)

| ذ | ساڵ | ڕووبەر/ کم٢ | درێژی شەقام/کم | شەقام/ ڕووبەر* | ژمارەی دانیشتوان | تاك/م** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٤٧ | ٣,٠٨ | ٨٨,٢ | ٢٨,٦ | ٣٥٥٢٠ | ٢,٥ |
| ٢ | ١٩٧٧ | ١٨ | ٤٩٧ | ٢٧,٦ | ١٧٥٤١٣ | ٢,٨ |
| ٣ | ٢٠٠٢ | ٣٥,٤ | ٩٠٨,٦ | ٢٥,٧ | 569123 | ١,٦ |
| ٤ | ٢٠١٩ | ١٨٠,٦ | ٢٧٠٣,٨ | ١٥ | 847447 | ٣,٢ |

سەرچاوە کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

١-بەکارهێنانی بەرنامەیArc gis١٠،٢.

٢- وزاره الداخليه، مديريه النفوس العامه، المجموعه الاحصائيه عام(١٩٥٧)، لواو السليمانيه وكركوك، مگبعه العاني، بغداد، جدول(٨)، ص١٦.

٣-**كامران طاهر سعيد، توسع مدينة السليمانية بتأثير الأسر الحضري، أطروحة دكتوراه، جامعة سليمانية، كلية علوم الانسانية، قسم جغرافية، سليمانية، منشورة، ٢٠١١، ص١٦٥.**

٤- **حكومة العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاو، نتائج ترقيم المباني و حضر السكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة السليمانية، ١٩٧٧، ص٣٦٢ و ٣٩٢.**

٥- **مديرية احصاو السليمانية، المؤشرات السكانية و بني الخدمات الارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، ص٢-.**

٦حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشینگەکانی ٢٠٠٩ بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵانی ٢٠١٠ تاکو ٢٠٢٠، ئاماری سلێمانی، ٢٠١٠، ل٤١.

* شەقام/ ڕووبەر= درێژی شەقام بە کم/ ڕووبەری شاری سلێمانی بە کم٢.

**بەرکەوتەی تاک(کەس)/درێژی شەقام (م).

(*)گەڕەکی جولەکان لە ئێستادا نەماوە بووە بەبەشێک لە گەڕەکی سەرشەقام، گەڕەکی شێخان دروستبووە لە بەشێک لە گەڕەکەکانی مەڵکەندی و کانی ئەسکان، گەڕەکی سابونکەران دروستبووە لە بەشێک لە گەڕەکی دەگەزێن. کاری توێژەر بەبەکارهێنانی Arc GIS ١٠،٢ لەڕێگەی شێوازی چین لەسەر چین (**تطابق**)، بە پیشت بەستن بە نەخشە (٣).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (٣)

تۆڕی شەقامەکان لە شاری سلێمانی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی پێش ساڵی ١٩٤٧




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی و نەخشەی شەقامەکانی شاری سلێمانی.

## قۆناغی دووەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧_١٩٧٧):

ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم قۆناغەدا لە ژێر کاریگەری فاکتەری ناوخۆی (ئابوری، کارگێڕی، شارستانی) هەرێمی (ڕامیاری، سەربازی) بووە، ئەمانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر ڕادەی گەشەکردنی ئەم شارە هەبووە، لەخوارەوە ئاماژە بە هەندێک لەو فاکتەرانە دەکەین:

١.ئەو گۆڕانکاریانەی لە ماوەی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق ڕوویاندا بووە هۆی ناسەقامگیری سیاسی، لە دۆخێکی واشدا کەمتر گرنگی بە ئاوەدانی دەدرێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

٢. بە گوێرەی کۆمەڵەی ئاماری ساڵانەی شاری سلێمانی، لە ساڵی (١٩٥٦)دا، کۆی سەرجەمی دامەزراوە بازرگانییەکان (تاک و کۆ) (٩٧٠)دامەزراوە بووە، ئەمەش دەکاتە (٢،٥%)ی تێکڕای دامەزراوە بازرگانییەکانی عێراق. هەبوونی ئەم بڕە دامەزراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شاری سلێمانی سەنتەرێک بووە ئەرکی دابینکردنی پێداویستیەکانی دەوروبەری خۆی گرتۆتە ئەستۆ (کەریم، ، ٢٠١٢، ل٣٦). وەک ئاشکرایە هەموو چالاکییەکی ئابوری پێوستی بە شەقامە" ئەمە کاریگەری لەسەر فراوانبوونی شەقامەکان هەبووە.

٣. لە ساڵی (١٩٥٧)دا بۆ یەکەمجار ماستەرپلان بۆ شاری سلێمانی دانراوە ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ڕێکخستنی شاری سلێمانی و بەسیستەمکردنی شەقامەکانی.

٤. یەکێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨)، دەرکردنی (یاسای چاکسازی کشتوکاڵی) و (یاسای یەکلاکردنەوەی زەوی) بوو، ئەم یاسایە بۆ یەکلایکردنەوەی خاوەندارێتی زەوی و یەکلایکردنەوەی خاوەندارێتی مەڵبەندی شار پێکهات، هەرچەندە ئەم یاسایە زۆری سودی بە ناوچە کوردستانییەکان نەگەیاند، شاری سلێمانی تەنها بە ڕێژەی (٨%)ی لەم یاسایە سودمەندبوو(مەجید، ٢٠١٢، ل٣٢-٤١ و قەرەداغی، ل٣٤-٣٥).

٥. کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە ساڵی (١٩٥٧)دا دروستکرا، ڕۆژانە نزیکەی (٣٥٠ تەن) چیمەنتۆی بەرهەمهێناوە، کارگەی جگەرە لە ساڵی (١٩٦١)دا بەرهەمی خستە بازاڕەوە، هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠-١٩٦٣)چەندین کارگەی تر دروستکران لەوانە: کۆمپانیای گشتی بۆ پوختەکردنی تووتن، جگە لە کردنەوەی ژووری بازرگانی سلێمانی لە ساڵی (١٩٦٧)دا، ڕۆڵی گەورەی بینیووە لە کۆکردنەوەی بازرگانەکان و ڕێکخستن و گەشەپێدانی بازرگانی (مەجید، ٢٠١٢، ل٤٠-٤١.). شەقامەکان فاکتەرێکی زۆر گرنگی دروستکردن و پەرپێدان و بەرەوپێشچوونی کەرتی پیشەسازییە بۆ گواستنەوەی پێوستی و شمەکەکانی.

٦.بەڕێوبەرایەتی شارەوانی بە یاسای ژمارە (٤٥)ی وەزارەتی شارەوانی سالی (١٩٦٠) دامەزراوە. (قەرەداغی، ل٢٣-٢٩).

٧. لە (١ی حوزەیرانی ١٩٦٣)دا، عێراق سیستمی لامەرکەزی پەیڕەوکرد، عێراق دابەشکرا بۆ شەش لیوا، لیوای سلێمانی یەکێک بوو لەو شەش لیوایە، کە هەریەک لە لیوای هەولێر و قەزای دهۆکی خرایە سەر (مەجید، ل٣٢.).

٨.هەڵگیرساندن شۆڕش بە درێژایی ئەم قۆناغە: گەلی کورد لە شۆڕش و بەرخۆداندابوو، دژ بە داگیرکەرانی بەریتانی و حکومەتی عێراق، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٠) ، (١٩٧٤-١٩٧٧) (تاڵب، ٢٠٠٠، ل٢٧).

٩. ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و ڕژێمی بەعسدا.

١٠. واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)دا، ئامانجەکانی ئەم ڕێکەوتنامەیە بابەتی سنور و کۆتای هێنانی شۆڕشی کوردبوو، بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە دەبوو تا قوڵای (١٠ - ٢٠)کم پشتێنەیەکی بێ دانیشتوان دروستبکرێت جگە لە وێرانکردنی لایەنی کەمی (٤٠٠٠)گوند (ئەسەسەرد، ٢٠٠٨، ل١٦٧.).

هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەری ئەرێنی و نەرێیان لەسەر گەشەکردن و فراوانبوونی شارەکە هەبوو، ئەمەش وایکردووە چەندین گەڕەکی نوێ لەم قۆناغەدا دروست بێت، لەبەرئەوە ژمارەی گەڕەکە نوێیەکان لەم قۆناغەدا گەیشتە (٢٣)گەڕەک، بریتیبوون لە (ڕزگاری-حی سکر، ڕزگاری-حی بکر، ڕزگاری-دور المعمل، رزگاری-هندرین، ڕزگاری-ئابلاخ، ڕزگاری-بەرانان، ڕزگاری- شیخ محێدین، کانێسکان-شۆڕش، کانێسکان-کارێزەوشک، کانێسکان- ئاشتی، کانێسکان-مەجید بەگ، کانێسکان- ئەزمەڕ، مەڵکەندی أبراهیم پاشا-دارۆغا، مەڵکەندی-ئازادی-شەهیدان، هەواری


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

بەرزە- توی مەلیک، درگزین- گردی سەیوان، درگزین-خەبات، حاجی ئاوا، حی البلدیە، ولۆبە، قرگە، هوانە، قلیاسان)
(*)( نتائج ترقیم المباني و حضر السكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة السلیمانیة، ١٩٧٧، ص٣٦٢.)

درێژی شەقام بەپێی جۆر لەم قۆناغەدا بریتی بوون لە: سەرەکی (١١٠،٦)کم و لاوەکی (٣٧٤،٢)کم و داخراو (١٢،٢)کم، سەرجەمی درێژی شەقامەکانی ئەم قۆناغە (٤٩٧)کم بووە، ڕووبەری شارەکە (١٨)کم٢ بووە، واتە چڕی شەقام (٢٧،٦)کم/کم٢ بووە. ژمارەی دانیشتوان بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) بریتیبووە لە (١٧٥٤١٣)کەس. بەرکەوتەی تاک بۆ شەقام بریتیبووە لە (٢،٨)م شەقام/ کەس. بڕوانە نەخشەی (٤).

ئەم قۆناغە بەراورد بە قۆناغی پێشوو (٥،٦)ئەوەندەی قۆناغی پێشوو درێژی شەقامەکان زیادیکردووە لە کاتێکدا ڕووبەرەکەی (٥،٨)ئەوەندە فراوانبووە واتا تا ڕادەیەک هاوسەنگی لە نێوان زیادبوونی درێژی شەقام و ڕووبەری شارەکە هەبووە. بەڵام چڕی شەقامەکان بەبڕی (١)کم/کم٢ کەمی کردووە.

نەخشەی (٤)


تۆڕی شەقامەکان لە شاری سلێمانی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی نێوان ساڵانی (١٩٤٧ _ ١٩٧٧)

---

(*)گەڕەکە نوێیەکانی ئەم قۆناغە لە کاتی ئێستادا سنوری کارگێڕیان گۆڕاوە بۆتە (٣٧)گەڕەک بریتین لە(ڕزگاری٤١٢ ، هەندرێن١٠٩، رزگاری٤٠٨، ئابلاخ ٤١٠، بەرانان ١٠٧، شیخ محێدین ٤٠٤، ئەندازیاران ١٠٥، عەلی ناجی ١٠٣، موشیرئاوا ٤٠٦، گەرمیان ٤٠٣، ئاوباریک ٤٠٥، شارەوانی ٤٠٧، وەیس ٤٠٢، خەبات ٣٠٤، خەبات ٣٠٦، سەیوان ٣٠١، دارۆغا ٢١٠، ئازادی ٢٢٢، شەهیدان ٢١٤، عەلی کەمال ٢١٢، توی مەلیک ٢١١، گۆیژەی نوێ ٢٢٠، هەوارە بەرزە ٢١٨، ئەزمەڕ ٢١٧، مەجیدبەگ ٢١٥، مەجیدبەگ ٢١٣، کارێزە وشک ١١٤، ئاشتی ١٠٦، ئاشتی ١٠٤، شۆڕش ١٠١، سەرشەقام ٣١٠، شەکرەکە ١٢٥، قرگە ٣٢٩، قرگە ٣٣١، هوانە ٧٠٨، قلیاسان١٢٩، ولۆبە ٣٢٦، چوارباخ ٤٠١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشیGIS ، نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی و نەخشەی شەقامەکانی شاری سلێمانی .

## قۆناغی سێیەم: مۆرفۆلۆجی نێوان سالآنی (١٩٧٧_٢٠٠٢)

لەم قۆناغەدا چەندین گۆڕانکاری جۆراوجۆر ڕویانداوە، هەندێکیان ئەرێنی و هەندێکی تر نەرێنی بوون، ئەمانە کاریگەرییان لە سەر ئاستی بەرەوپێشچوونی تۆڕی شەقامەکان هەبووە، لە گرنگترین ڕوداوەکانیش:

١- لە سەردەمی دەسەڵاتی حوکمی بەعسیەکان، بەردەوام دژایەتی گەلی کورد بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت کراوە، شارەوانی تاڕادەیەک پەراوێز خرابوو، هەندێکجار کەسانی ناشایستە کراونەتە سەرۆکی شارەوانی و هەوڵیشیانداوە سنووری شارەوانی سلێمانی لە (٥٢)کم٢ کە سنوری شەست مەتریی بوو کەمبکەنەوە بۆ (٣٢)کم٢ (کارنامەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥) .بێگومان ئەمانە کاری دەکردە سەر گەشەنەکردنی شەقامەکان بەپێ پێوست.

٢-بە بیانوی دەستەبەرکردنی پێداوستییەکانی ئاسایش، حکومەتی عێراق لە سایەی ئۆتۆنۆمیدا ڕووبەرێکی بەر فراوانی لەسەر سنور چۆڵکرد و جوتیارەکانی بۆ چەند ئۆردوگایەکی دەوروبەری شارەکان ڕاگواست. لە شاڵاوەکانی ئەنفالیشدا (١٨٢)هەزار هاوڵاتی کە زۆربەیان جوتیارن بوون لە ناوبردن (خەیات، ١٩٩٩، ل٥٧). سەرەڕای کیمیای بارانکردنی بەشێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی هەرێم.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

٣.- هەڵگیرساندنی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (کۆماری عێراق-کۆماری ئیسلامی ئێران) و داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠دا.

٤. ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ساڵی (١٩٩١)دا، پاشان گەمارۆی ئابووری خستە سەر حکومەتی هەرێم، پەیڕەوکردنی دوو ئیدارەی و شەڕی ناوخۆی هەرێم. دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی یاسای ژمارە (٦)ی یاسای کارگێڕی شارەوانییەکان (کارنامەی شارەوانی سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥).

٥ پەیڕەوکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک، هۆکارێکی باش بوو بۆ باشبوونی بارودۆخی ئابوری، لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەدا، دەستکرا بە ئاوەدانکردنەوەی ئەم شارە.

هۆکارەکانی (سیاسی، ئاسایش، جەنگ) تا ساڵی (١٩٩٦)، کاریگەری خراپی لەسەر پشتگوێخستنی شار و گرنگینەدان بە بوژاندنەوەی هەبوو، لە ساڵانی دواتردا وردە وردە ناوچەکە لەڕووی سیاسی و ئابورییەوە بەرەو سەقامگیری ڕۆیشت ئەمەش کاری کردە سەر فراوانبووی شار.

لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا، بە دروستکردنی (٣٢)گەڕەکی نوێ، ژمارەی گەڕەکەکان گەیشتە (٨٠)گەڕەک، گەڕەکە نوێیەکان بریتیبوون لە (بەختیاری کۆن (١١١)، هەکاری (١١٣)، شێروانە (١١٥)، بەختیاری تازە (١١٧)، سەرچنار (١١٩)، سەرچنار (١٢١)، گردی سەرچنار (٨٢٣)، خانوی معملی شەکر، گردی جۆگە (٢٠٧)، سلێمانی نوێ (٢٠٩)، هەواری تازە (٢١٩)، ڕۆژهەلات (٣٠٥)، ڕۆژهەڵات (٣٠٩)، مامەیارە (٣٠٧)، ڕاپەڕین (١٠٢)، باخان (١٠٨)، قازی محمد (١١٠)، مامۆستایان (١١٢)، دەباشان (١١٦)، کارێزەوشک (١١٨)، سورێن (١٢٠)، بێساراني (١٢٢)، بادینان (١٢٤)، زرگەتە (١٢٦)، زرگەتەی کۆن، مەشخەڵان (١٢٨)، کانی سپیکە (١٣٠)، ئازادی (٢١٦)، ابراهیم احمد (٢٢٤)، زمناکۆ (٣٠٨)، ، تانجەرۆ (٣١٤)، کانی با (٣١٨)) ( مدیریه احصاو السلیمانیه، المؤشرات السکانیه و بنی الخدمات الارتکازیه لاقلیم کوردستان العراق لسنه ٢٠٠٢، ص٣٠-٣٢.)


درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر لەم قۆناغدا بەم جۆرە بوون: سەرەکی (١٨٨،١)کم، لاوەکی (٧٠٢،٤)کم، داخراو (١٨،١)کم، سەرجەمی درێژی شەقامەکانی ئەم قۆناغە (٩٠٨،٦)کم بوو. ڕووبەری شارەکە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا (٣٥،٤)کم٢، واتە چڕی شەقام (٢٥،٧)کم/کم٢. ژمارەی دانیشتوان بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠٢)، بریتیبوو لە (٥٦٩١٢٣)کەس(المؤشرات السکانیه و البنی الخدمیه الارتکازیه لاقلیم کوردستان العراق لسنه ٢٠٠٢، ص٣٢.) ، واتە بەرکەوتەی لە شەقام بریتیبوو(١،٦)م/تاک. بڕوانە نەخشەی (٥)بکە .

لەم قۆناغەدا درێژی شەقام (١،٨)ئەوەندەی قۆناغی پێشوو زیادیکردووە، لە کاتێکدا ڕووبەر (١،٩٦)ئەوەندە زیادیکردوە، واتا تا ڕادەیەک هاوسەنگی لە نێوان زیادبوونی درێژی شەقام و ڕووبەری شارەکە هەیە. بەڵام بەراورد بە جیاوازی گەشەکردنی شەقامەکانی قۆناغی یەکەم و دووەم، لەم قۆناغەدا لە ڕووی ڕووبەر و درێژی شەقامەکانەوە فراوانبوونەکە زۆر سست بووە.

نەخشەی (٥)

تۆڕی شەقامەکان لە شاری سلێمانی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی نێوان ساڵانی (١٩٧٧_ ٢٠٠٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:
حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی و نەخشەی شەقامەکانی شاری سلێمانی.

## قۆناغی چوارەم: قۆناغی مۆرفۆلۆجی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٩)

ئەم قۆناغە لە کاتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەست پێدەکات تا ئێستا، گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر بارودۆخی ڕامیاری و ئاسایش و ئابووری هەرێمی کوردستاندا هات، لەوانە:

١. کۆتای پێهێنانی گەمارۆی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر کۆماری عێراق و گەمارۆی ڕژێمی بەعس لەسەر هەرێمی کوردستان، سەر لەنوێ دروستکردنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و ناردنی ساڵانەی بەش بودجەی هەرێم و هەڵگیرساندنی جەنگی مەزهەبی لە عێراقی فیدڕاڵ و شڵەژانی دۆخی سیاسی و سەربازی ناوەڕاست و باشوری عێراق، هۆکارێک بوون، بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی و عێراقی بۆ هەرێم و گەشەکردنی هەرێم لە هەموو ڕووەکانەوە.

٢. دوای دەرکەوتنی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) لە ساڵی (٢٠١٤) و کشانەوەی سوپای حکومەتی فیدڕاڵ لە زۆرێک لە پارێزگا و شار و شارۆچکەکانی عێراق، بووە هۆی کۆنترۆڵکردنی زیاتر لە سێ یەکی خاکی عێراق. ئەمەش سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ هەوڵدانی هەرێم بۆ ڕاگەیاندنی ئابوری سەربەخۆ، سەرئەنجام بووە هۆی قوڵبوونەوەی کێشە ڕامیاری و ئابوری، سەربازی، جوگرافی...یەکانی نێوان حکومەتەکانی (فیدڕاڵ و هەرێم)، تا کار گەیشتە بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و هاتنی سەدان هەزار لە ئاوارە و دەربەدەر، سەرئەنجام بووە هۆی وەستانی سەرجەم پرۆژەکان بەشێوەیەکی کاتی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

٣. لەم قۆناغەدا بۆ جاری دووەم ماستەرپلان بۆ شارەکە دیزاینکرا، یەکێک لە بەکارهێنەرە هەرە گرنگەکانی ناو ئەم ماستەرپلانەش شەقامەکانبوو.

٤. لە کۆتای ساڵی (٢٠١٨)ەوە تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی ڕامیاری و ئاسایش و ئابوری حکومەتی هەرێم هات، ئەمەش کاریگەری لەسەر باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و دەستپێکردنەوەی بەشێکی زۆری پرۆژەکان هەبوو لە ناویشیاندا شەقامەکان.

باشبوونی بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێم دابەشکردنی زەوی بەسەر کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان موچەخۆران کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر خێرا فراوانبوونی شارەکان هەبوو بە شاری سلێمانیشەوە، لەم قۆناغەدا شارەوانییەکانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و تاسلۆجە خرانە سەر شاری سلێمانی، هەروەها بیر لە فراوانکردنی شەقامەکان کرایەوە، بەتایبەت شەقامە سەرەکییەکان، چەندین ژێرپرد و بەرزەپرد دروستکران.

ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (٢٠١٩)دا بریتیبووە لە (٨٤٧٤٤٨)کەس (ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشینگەکانی ٢٠٠٩ بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵانی ٢٠١٠ تاکو ٢٠٢٠، ٢٠١٠، ل٤١). ڕووبەری شارەکە (١٨٠،٦)کم٢، درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر بریتین لە: سەرەکی (٦٣٧،٦)کم و لاوەکی (٢٠٤٤،٧)کم و داخراو (٢١،٥)کم سەرجەمی درێژی شەقامەکانی ئەم قۆناغە (٢٧٠٣،٨)کم واتە چڕی شەقام (١٥)کم/کم٢. بەرکەوتەی تاک (٣،٢)م/ تاک. بڕوانە نەخشەی (٦).

ئەگەر ئەم قۆناغە بەراورد بە قۆناغی پێشووی بکەین دەبینین: درێژی شەقامەکان (٣) ئەوەندەی قۆناغی پێشوو زیادیکردووە، لە کاتێکدا ڕووبەر (٥،١)ئەوەندە زیادیکردووە، واتا ڕووبەری شاری سلێمانی نزیکەی دوو ئەوەندەی درێژی شەقامەکان زیادیکردووە.

لە کۆتایدا لەسەر ڕۆشنایی زانیاری هەر یکێک لە قۆناغەکان و خشتەی (١) دەگەین بە:

١. ڕووبەری شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٤٧)دا، (٣،٠٨)کم٢ بووە پاشان لە ساڵی (١٩٧٧)دا بڕەکەی (٥،٨)ئەوەندە زیادیکردووە بۆتە (١٨)کم٢، لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ڕووبەرەکە (٢) ئەوەندەی تر زیادیکردوە بووە بە (٣٥،٤)کم٢، پاشان لە ساڵی (٢٠١٩)دا (٥،١) ئەوەندە زیادیکردووە، بۆتە (١٨٠،٦) کم٢. واتە لە ماوەی (٦٢) ساڵدا، ڕووبەری شاری سلێمانی (١٩) ئەوەندە زیادیکردووە، کەمترین ڕێژەی فراوانبوونیش لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی سێیەم (١٩٧٧ – ٢٠٠٢) بووە.

٢. لە هەمان ماوەی ئاماژە بۆ کراویشدا درێژی شەقامەکان گەشەیانکردووە، لە قۆناغی دووەمدا بڕەکەی (٥،٦) ئەوەندەی قۆناغی یەکەم، لە قۆناغی سێیەمدا بڕی (١،٨) ئەوەندەی قۆناغی دووەم، و لە قۆناغی چوارەم (٣) ئەوەندەی قۆناغی سێیەم زیادیانکردووە، واتە لە ماوەی نێوان (قۆناغی یەکەم–قۆناغی چوارەم) بڕی (٣٠،٨) ئەوەندە زیادیکردووە و فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیووە.

٣. سەبارەت بە چڕی شەقامەکان (ڕێژەی درێژی شەقام بۆ ڕووبەر) زۆرترین چڕی لە قۆناغی یەکەمدایە بە بڕی (٢٨،٦)کم/کم٢، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کۆبونەوەی دانیشتوان لە ڕووبەرێکی کەمدا و چڕی بەکارهێنەکانی زەوی لە شاری سلێمانیدا، هەر سێ قۆناغی (یەکەم، دووەم، سێیەم) چڕی شەقامەکانی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لە قۆناغی چوارەمدا چڕی شەقامەکان (١٥)کم/کم٢ بەراورد بە قۆناغی یەکەم، ڕێژەکەی کەمی کردووە، هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ: فراوانبوونی ڕووبەری شار، کردنەوەی چەندین ناوچەی گەشتیاری گەورە، لەوانە: (هەواری شار، چاقی لاند) کردنەوەی چەندین پارک و یاریگا... جگە لەوەی شەقامەکانی لە هەندێک شوێن فراوانترکراون، بڕوانە شێوەی (١).


٤. بەرکەوتەی تاک/شەقام لە قۆناغی یەکەم (٢،٥)م/تاک ئەم بڕە لە قۆناغی دووەم زیادیکردووە بۆ (٢،٨)م/تاک، بەڵام لە قۆناغی سێیەم ئەم بڕە کەمیکردووە بۆ (١،٦)م/تاک، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی گوندنشینەکان،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا بوون بۆ شاری سلێمانی، بەڵام لە قۆناغی چوارەمدا ڕێژەکە زۆر زیاددەکات دەبێت (٣،٢)م/تاک. بڕوانە شێوەی (٢).

شێوەی ژمارە (١)


چڕی شەقامەکانی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٤٧-٢٠١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: خشتەی (١).

شێوەی (٢)

بەرکەوتەی تاک/درێژی شەقامەکانی شاری سلێمانی لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٤٧_٢٠١٩)





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە: خشتەی (١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (٦)

تۆڕی شەقامەکان لە شاری سلێمانی لە قۆناغی مۆرفۆلۆجی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢_٢٠١٩)




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی بنەڕەتی شاری سلێمانی و نەخشەی شەقامەکانی شاری سلێمانی.

## باسي دووەم: دابەشبوونی جوگرافی شەقامەکانی شاری سلێمانی لەسەر ئاستی شارەوانییەکان

سەرەتای دروستبوونی شارەکە لەسەر ناوەند دروستبووە، پاشان وردە وردە فرانبووە بۆ شارەوانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پاشان لە ڕۆژئاواوە گەیشتووە بە شارەوانییەکانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین، شارەوانی تاسڵوجەش بۆتە بەشێکی نوێ لە شارەکە، خشتەی (٢)، لەبەرئەوە لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر دابەشبوونی جوگرافی درێژی شەقامەکان بەپێی شارەوانییەکان:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

## یەکەم: ناوەند

سەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانی لەم بەشەدا بووە واتا کۆنترین بەشی شاری سلێمانییە، تاڕادەیەک تا دروستکردنی شەقامی شەست مەتری، ناوچەیەکی ناوەندی هەبوو، بەڵام بەهۆی سروشتی ناوچەکە و بوونی چیاکانی ئەزمەڕ و گۆیژە لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکەدا، نەیتوانیوە بەشێوەیەکی یەکسان بەهەموو ئاڕاستەکانی گەشەبکات، لەبەرئەوە زیاتر بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژئاوا گەشەی کردووە، بەڵگەی ئەمەش سێ شارەوانی نوێ لەم بەشەی شاردا خراونەتە سەر شارەکە. لەم بەشەی شاردا، ناوچەی ناوجەرگەی بازرگانی بوونی هەیە، گەڕەکەکانی دەوروبەری بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. تاکە شارەوانییە توانای فراوانبوونی نەماوە و سنورەکەی داخراوە.

درێژی شەقام بەپێی جۆر لەم شارەوانییەدا بەم جۆرەیە: (سەرەکی (٦٩،٩)کم، لاوەکی (٢٥٠،٥)کم، داخراو (١٠،٥)کم)، کۆی درێژی شەقامەکان (٣٣٠،٩)کم-ە، ڕێژەی (١٢،٢%)ی کۆی شەقامەکانی شارەکە پێکهێناوە. ڕووبەری ناوەند (١٣،٤)کم٢ چڕی شەقام لەم بەشەدا (٢٤،٧)کم/کم٢، بڕوانە نەخشەی (٧).

شەقامی پلان بۆ دانراو لەم شارەوانییەدا نییە، چونکە ناوەند کۆنترین و چڕترین بەشی شارەکەیە، هەموو ڕووبەرەکەی پڕ بۆتەوە بە بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکان، بەجۆرێک هیچ توانای فراوانبوونی نییە، لە بەرئەوەی لەم بەشەدا ناوچەی بازرگانی بوونی هەیە، نرخی زەوی زۆر بەرزە، بەشێوەیەکی چڕ بەکارهێنەرەکان بەکاردێت. هەروەها زۆرترین شەقامی داخراوی تێدا دەبینرێت، نزیکەی نیوەی کۆی شەقامی داخراوی شارەکەی پێکهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دێرینی و دروستنەکردنی بە شێوەیەکی زانستی و پلان بۆ داڕێژراو، ئەمە جگە لە پاراستنی هەندێک شوێنی شوێنەواری تیایدا.

## دووەم: شارەوانی ڕۆژهەڵات

ئەم شارەوانییە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، لە بەشی ڕۆژئاوایدا توانای فراوانبوونی نییە، چونکە سنوری بە هەریەک لە شارەوانییەکانی ناوەند و ڕۆژئاواوەیە، لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتەوە توانای فراوانبوونی نییە، بەهۆی بوونی چیای گۆیژە، تەنها لە بەشی باشور و باشوری ڕۆژهەڵاتەوە توانای فراوانبوونی هەیە، بەتایبەت لە ناوچەکانی قرگە، هەروەها هەندێک گوندی باشوری سلێمانی لە قۆناغی گواستنەوەدان و لە گوندەوە دەبن بە بەشێک لە شاری سلێمانی.

درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر لەم شارەوانییە بریتین لە: (سەرەکی (١٦٧،٩)کم، لاوەکی (٥٨٥)کم، داخراو (٥،٦)کم) کۆی درێژی شەقامەکان (٧٥٨،٥)کم-ە، ڕێژەی (٢٨%)ی کۆی شەقامی شارەکەی پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی (٨). ڕووبەری شارەوانی ڕۆژهەڵات (٤٤،٥)کم٢، چڕی شەقام (١٧)کم/کم٢، لە ڕووی درێژی شەقامەوە، ئەم شارەوانییە بە پلەی دووەم دێت، لە ڕووی چڕی شەقامەوە لە سەر ئاستی شارەوانییەکان بەپلەی سێیەم دێت، تاڕادەیەک ڕێژەیەکی ناوەندی وەرگرتووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەو بەشەی هاوسنورە لەگەڵ شارەوانی ناوەند و ڕۆژئاوا و چیای گۆیژە زۆر بە چڕی شەقامەکانی تیادایە بەڵام تا بەرەو باشور بڕۆین واتە گەڕەکەکانی کۆمپانیای بیابان و هوانە و ژاڵە (هوانە و ژاڵە دوو گەڕەکی نوێن لەبەرئەوە تاکو ئێستا زیاتر سیمای گوندیان پێوە دیارە نەک شار) زەوی بەتاڵ دەبینرێن و بەکارهێنەرەکان پەرش و بڵاون، لە هەندێ شوێندا بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەبینرێت. سەبارەت بە شەقامی پلان بۆ دانراو (٥١)کم شەقامی سەرەکی هەیە، تاکو ئێستا دروستنەکراوە، لە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

ڕووی شەقامی پلان بۆ دانراو بە پلەی دووەم دێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شەقامی سەد مەترییە، لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی مەودایەکی فراوان هەیە بۆ گەشەکردنی ئەم شارەوانییە.

خشتەی (٢)

ڕوبەر و شەقامەکانی شاری سلێمانی بەپێی شارەوانیەکان و ماستەرپلان

| شويَن | رِووبةر/ كم٢ | شةقامي سةرةكي/ كم | شةقامي لاوةكي/ كم | شةقامي داخراو/ كم | كؤ | رِيَذة | ضرِي شةقام* | شةقامي ثلان بؤ دانراو/كم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوةند | ١٣,٤ | ٦٩,٩ | ٢٥٠,٥ | ١٠,٥ | 330,9 | ١٢,٢ | ٢٤,٧ | 0 |
| شارةواني رِؤذهةلآت | ٤٤,٥ | ١٦٧,٩ | ٥٨٥ | ٥,٦ | 758,5 | ٢٨ | ١٧ | 51 |
| شارةواني رِؤذئاوا | ٦٩,٩ | ١٩٣,٥ | ٧٠٩,٧ | ٥,٤ | 908,6 | ٣٣,٧ | ١٣ | 85,3 |
| شارةواني بةكرةجؤ | ٢٤,٢ | ٦١,٤ | ١١٠ | 0 | 171,4 | ٦,٣ | ٧,١ | ٢٨ |
| شارةواني رِاثةرِين | ١٠ | ٦٢,٨ | ١٥٣,١ | 0 | 215,9 | ٧,٩ | ٢١,٦ | 16 |
| شارةواني تاسلوجة | ١٨,٦ | ٤٤,١ | ٢٣٦,٤ | 0 | 280,5 | ١٠,٤ | ١٥ | 48,4 |
| دةرةوة | 289,4 | 38 | 0 | 0 | 38 | ١,٥ | ٠,١٣ | 148,2 |
| سةرجةم | 470 | ٦٣٧,٦ | ٢٠٤٤,٧ | ٢١,٥ | ٢٧٠٣,٨ | ١٠٠ | ١٤,٨ | 376,9 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، نەخشەی شارەوانییەکانی شاری سلێمان و نەخشەی شەقامەکانی شاری سلێمانی، بڵاونەکراوە.

*درێژی شەقامەکانی شاری سلێمانی بەپێی جۆری شەقام و شارەوانییەکان / ڕووبەری شارەوانییەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (٧)

تۆڕی شەقامەكانی ناوەند





سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشت بەستن بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەكراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (٨)

تۆڕی شەقامەکانی شارەوانی ڕۆژهەلات




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.

## سێیەم: شارەوانی ڕۆژئاوا

پێش ئەوەی شارەوانییەکانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین و تاسڵوجە بخرێنە سەر شاری سلێمانی ئەم شارەوانییە دەکەوتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی، بەڵام لە ئێستادا دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانی، ئەم شارەوانییە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ ناوەند و شارەوانی ڕۆژهەڵات، لە ڕۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ شارەوانییەکانی (بەکرەجۆ، ڕاپەڕین) لەبەر ئەوە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە توانای گەشەکردنی نییە، تەنها لە باکور و باشورەوە توانای گەشەکردنی هەیە.

درێژی شەقامەکانی ئەم شارەوانییە بەپێی جۆر بریتین لە: (سەرەکی (١٩٣،٥)کم، لاوەکی (٧٠٩،٧)کم، داخراو (٥،٤)کم) کۆی درێژی شەقامەکان (٩٠٨،٦)کم-ە. ڕێژەی (٣٣،٧%)ی کۆی شەقامەکانی شار لەم شارەوانییەدایە. ڕووبەری شارەوانی ڕۆژئاوا (٦٩،٩)کم٢، چڕی شەقام (١٣)کم/کم٢.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

وەک لە نەخشەی (٩)دا دەبینین چڕیەکی کەمی شەقام هەیە لەگەڵ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی شەقام لەم شارەوانییەدایە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند پرۆژەیەکی گەشتیاری، ڕووبەرێکی گەورە لەم شارەوانییە داگیر دەکەن، لەوانە: (هەواری شار، ناوچە گەشتیارییەکانی سەرچنار) ئەمە جگە لەوەی گەڕەکی قولەرەیسی بەشێکی زۆری تا ئێستا ئاوەدان نەبۆتەوە، زۆرێک لە گەڕەکەکانی تا ئێستا شەقامیان بۆ دروست نەکراوە، لەبەرئەوەیە دەبینین زۆرترین چڕی شەقامی پلان بۆ دانراو دەکەوێتە ئەم شارەوانییەوە بە بڕی (٨٥،٣)کم، زۆرترینی ئەم شەقامانەش دەکەونە بەشی باکوری ڕۆژهەڵات و بەرەو گەڕەکی قولەرەیسی درێژدەبنەوە، لە ئێستادا کۆمەڵێک یەکەی نیشتەجێوون لەم گەڕەکەدا دروستکراون.

## چوارەم: شارەوانی ڕاپەڕین


ئەم شارەوانییە لە بەشی ڕۆژئاوای شاری سلێمانیدایە تا ڕادەیەک شوێنێکی ناوەندی وەرگرتووە، هاوسنورە لەگەڵ شارەوانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات و باکورییەوە، شارەوانی بەکرەجۆ لە باشوریەوە، ئەم شارەوانییە تەنها لە ڕۆژئاواوە توانای گەشەکردنی هەیە، ئەویش سنورداره چونکە لە هەندێک شوێن تەنها سێ کیلۆمەتر لە شارەوانی تاسڵوجەوە دوورە، لە ئەگەری بەیەکگەیشتنی ئەم دوو شارەوانییە، چیتر شارەوانی ڕاپەڕین توانای فراوانبوونی نامێنێت.

درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر لەم شارەوانییەدا بریتییە لە: (سەرەکی (٦٢،٨)کم و لاوەکی (١٥٣،١)کم) کۆی درێژی شەقامەکان (٢١٥،٩)کم-ە. ڕێژەی شەقامەکانی (٧،٩%)ی شەقامی شار پێکدەهێنێت، بڕوانە نەخشەی (١٠)، ڕووبەری شارەوانی ڕاپەڕین (١٠)کم٢ و چڕی شەقام لە کیلۆمەترێکدا (٢١،٦)م/کم. چڕی شەقامەکانی ئەم شارەوانییە بەرزە لەگەڵ ئەوەی کەمترین ڕێژەی شەقامی تێدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی ڕووبەرەکەی و چڕی بەکارهێنانی زەویی تیایدا لەم شارەوانییەدا. هەر لەبەر ئەمەشە کەمترین شەقامی پلان بۆ دانراوی هەیە بە بڕی (١٦)کم.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (٩)

تۆڕی شەقامەکانی شارەوانی ڕۆژئاوا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.

## پێنجەم: شارەوانی بەکرەجۆ

ئەم شارەوانییە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە، شارەوانی ڕۆژئاوا دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات و باکور شارەوانی ڕاپەڕین دەکەوێتە باکورییەوە، فڕۆکەخانەی سلێمانی بەشی ڕۆژئاوای شارەوانییەکە پێکدێنێت، وەک ئاشکراشە فڕۆکەخانە لە هەر ناوچەیەکدا هەبێت خاڵی پچڕان ڕوودەدات، لەبەرئەوە شارەوانی بەکرەجۆ تەنها دەتوانێت لە بەشی باشورەوە فراوانبێت.

درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر لەم شارەوانییەدا بریتین لە: (سەرەکی (٦١،٤)کم و لاوەکی (١١٠)کم) کۆی درێژی شەقامەکان (١٧١،٤)کم–ە، ڕێژەی شەقامەکانی (٦،٣%)ی کۆی شەقامەکانی شاری پێکهێناوە، بڕوانە نەخشەی (١١).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

ڕووبەری شارەوانی بەکرەجۆ (٢٤،٢)کم٢، چڕی شەقام لە کیلۆمەترێکدا (٧،١)کم-ە. ئەمە کەمترین چڕی شەقامە لە شارەکەدا، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فڕۆکەخانەی سلێمانی کە زیاتر لە نیوەی شارەوانییەکەی پێکدەهێنێت. هەرچی شەقامی پلان بۆ دانراویشە بڕەکەی (٢٨)کم، ئەمەش بڕێکی زۆر نییە بەراورد بە شارەوانییەکانی تر، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی فڕۆکەخانە کە خاڵی پچڕانی دروستکردووە لە بەشی ڕۆژئاوای شارەوانیەکە، بەشەکانی تریشی زیاتر بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون بەکاردێن، لە لایەکی تریشەوە لەم شارەوانییەدا شەقامێکی سەرەکی نییە کە بەسترابێتەوە بە قەزا یان مەڵبەندێکی تری سەرەکی دانیشتوانەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (١٠)

تۆڕی شەقامەکانی شارەوانی ڕاپەڕین





سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

نەخشەی (١١)

تۆڕی شەقامەکانی شارەوانی بەکرەجۆ




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.

## شەشەم: شارەوانی تاسلوجە

نوێترین شارەوانییە کە خراواتە سەر شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانییەوە، تەنها شارەوانییە توانای فراوانبوونی هەیە لە هەموو ئاڕاستەکانەوە، هەرچەندە لە ڕۆژهەڵاتەوە توانای فراوانبوونی کەمە بە هۆی نزیکی لە شارەوانییەکانی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

درێژی شەقامەکان بەپێی جۆر لەم شارەوانیەدا بریتین لە: (سەرەکی (٤٤،١)کم و لاوەکی (٢٣٦،٤)کم) کۆی درێژی شەقامەکان (٢٤٠،٥)کم-ە. ڕێژەی شەقامەکانی (١٠،٤%)ی کۆی شەقامەکانی شاری تێدایە، بڕوانە نەخشەی (١٢).

ڕووبەری شارەوانی تاسلۆجە (١٨،٦)کم٢ و چڕی شەقام لە کیلۆمەترێکدا (١٥)کم. شەقامە پلان بۆ دانراوەکانی ئەم شارەوانییە (٤٨،٤)کم، کە لە شەقامە سەرەکییەکانی ئێستایدا بوونی هەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێشتر تەنها شارۆچکەیەک بووە، بەڵام کاتێک دەبێت بە بەشێک لە شاری سلێمانی بێگومان خزمەتگوزاری زیاتری پێشکەش دەکرێت و بۆی دەبرێت.

## حەوتەم: دەرەوە

مەبەست لە دەرەوە واتە ئەو بەشەی شاری سلێمانییە بەپێی ماستەر پلانی شارەکە بەشێکە لەداهاتووی شاری سلێمانی، بەڵام تاکو ئێستا سەر بە هیچ کام لە شارەوانییەکانی شاری سلێمانی نییە، بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی شارەوانییەکان ئەم ناوچەیە ڕووبەرەکەی کەمدەکات و وردەوردە دەبێت بە ناوچەی ئاوەدان، ڕووبەری ئەم ناوچەیە (٢٨٩،٤)کم٢-ە ، تەنها جۆری شەقام لەم ناوچەیەدا لە جۆری شەقامی سەرەکییە و ئەویش درێژیەکەی کەمە تەنها (٣٨)کم ئەو شەقامانەی لەم بەشەدا هەن تەنها بۆ بەستنەوەی شارەوانییەکان و بەستنەوەیان بەناوچەکانی دەرەوەی ماستەرپلانی شارە، زۆرترین بڕی شەقامی سەرەکی پلان بۆ دانراو لەم بەشەدایە بە بڕی (١٤٨،٢)کم. بڕوانە نەخشەی (١٣).

## لەکۆتایدا دەگەین بە:

١. زۆرترین بڕی شەقام لە شارەوانی ڕۆژئاوادایە، درێژییەکەی (٩٠٨،٦)کم، ڕێژەی (٣٣،٧%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، پاشان شارەوانی ڕۆژهەڵات بەپلەی دووەم دێت، درێژییەکەی (٧٥٨،٥)کم و ڕێژەی (٢٨%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، ناوەند بە پلەی سێیەم دێت، بڕی درێژییەکەی (٣٣٠،٩)کم و ڕێژەی (١٢،٢%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، واتە هەر سێ بەشە کۆنەکەی شار زۆرترین درێژی شەقامیان هەیە، شارەوانی تاسلۆجە بەپلەی چوارەم دێت، درێژییەکەی (٢٨٠،٥)کم و ڕێژەی (١٠،٤%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، شارەوانی ڕاپەڕین بەپلەی پێنجەم دێت درێژییەکەی (٢١٥،٩)کم و ڕێژەی (٧،٩%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، شارەوانی بەکرەجۆ بەپلەی شەشەم دێت درێژییەکەی (١٧١،٤)کم و ڕێژەی (٦،٣%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، دەرەوە بەپلەی حەوتەم دێت درێژییەکەی (٣٨)کم و ڕێژەی (١،٥%)کۆی هەموو شەقامەکانی شاری سلێمانی پێکهێناوە، وەک دەزانرێ ئەم ناوچەیە تاوەکو ئێستا زەوی تیادا دابەش (ئیفراز) نەکراوە لەبەرئەوە کەمترین بڕی شەقامی تیادا دەبینرێت.

٢. لە ڕووی چڕییەوە ناوەند زۆرترین چڕی شەقامی تیادا دەبینرێت، درێژییەکەی (٢٤،٧)کم/کم٢ پاشان شارەوانی ڕاپەڕین بە پلەی دووەم دێت و بڕەکەی (٢١،٦)کم/کم٢، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بچوکی ڕووبەرەکەی و نیمچە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019


داخراوییەکەی. شارەوانی ڕۆژهەلاَت بە پلەی سێیەم دێت، درێژییەکەی (١٧)کم/کم٢، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چڕی شەقامەکانی لە بەشی ڕۆژئاواکەی، بەلاَم تا بەرەو ڕۆژهەلاَت و باشور بڕۆین چڕییەکەی کەمتر دەبێت، بەتایبەت باشور، چونکە بەکارهێنانی زەوی پەرش و بلاَوە. شارەوانی تاسلۆجە بە پلەی چوارەم دێت، درێژییەکەی (١٥)کم/کم٢، لەگەڵ ئەوەی شارەوانییەکی نوێیە، بەلاَم بەهۆی ئەوەی بەکارهێنەرەکانی بەچڕی کۆبونەتەوە لەبەرئەوە درێژی شەقامەکانی تا ڕادەیەک لەگەڵ نوێیەکەیدا زۆرە. شارەوانی ڕۆژئاو بە پلەی پێنجەم دێت درێژییەکەی (١٣)کم/کم٢، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ڕووبەرێکی گەورەی سەوزایی لەم شارەوانییە و گەورەی و پەرش بلاَویەکەی. شارەوانی بەکرەجۆ بە پلەی شەشەم دێت درێژییەکەی (٧،١)کم/کم٢، ئەویش بەهۆی بوونی فڕۆکەخانەی سلێمانی، کە ڕوبرێکی فراوانی شارەوانییکەی پێکهێناون، هەرچی دەرەوەشە کەمترین چڕی هەیە، ئەویش بەهۆی ئاوەدان نەبوونیەوەیەتی.

٣. دەرەوە زۆرترین بڕی شەقامی پلان بۆدانراوی هەیە، چونکە داهاتووی شارەکەیە. شارەوانی ڕۆژئاوا بە پلەی دووەم دێت، چونکە بەشێکی زۆری گەڕەکە نوێیەکان بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆن. شارەوانی ڕۆژهەلاَت بە پلەی سێیەم دێت، ئەمەش بەهۆی دروستبوونی گەڕەکی نوێ لە بەشی باشورییەوە. پاشان شارەوانی تاسلۆجە. کەمترین بڕی شەقامی پلان بۆ دانراو لە شارەوانییەکانی ڕاپەڕین و بەکرەجۆدان، ئەویش بە هۆی نیمچە داخراویان، هەرچی ناوەندیشە هیچ شەقامێکی پلان بۆ دانراوی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پڕبوونەوەی شارەوانییەکە.

نەخشەی (١٢)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

تۆڕی شاقەکامەکانی شارەوانی تاسلوجە




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:


حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.

نەخشەی (١٣)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

تۆڕی شەقامەکان لە شارەوانییەکانی شاری سلێمانی




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی GIS، زانیاری بڵاونەکراوە.

## دەرئەنجام



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

١.-گەشەکردنی شەقامەکانی شاری سلێمانی کەوتۆتە ژێر کاریگەری بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی... ناوخۆی و دەرەکییەوە کە بەڕوونی دەبینرێت لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی شارەکەدا.

٢.-درێژی شەقامەکان لە ساڵی ١٩٤٧دا (٨٨,٢)کم بووە ئەم برە زیادیکردووە لە ساڵی ١٩٧٧دا بووە بە (٤٩٧)کم واتە بەبڕی (٥,٦) ئەوەندە زیادیکردووە، ئەم برە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بووە بە (٩٠٨,٦)کم واتە بە (١,٨)ئەوەندەی قۆناغی پێشووتری زیادیکردووە. لە کاتی ئێستا درێژی شەقامەکان (٣١٦٦,٣)کم واتە بە (٣,٥) قۆناغی پێشووتر زیادیکردووە.

٣.-ئەم زیادبوونەی درێژی شەقامەکان هاوسەنگ نییە لەگەڵ ڕووبەری شارەکەدا بەجۆرێک ئەگەر بەراوردی زیادبوونی درێژی شەقامەکان بکەین بەراورد بە زیادبوونی ڕوبەری شارەکە دەبینین برەکەی کەم دەکات بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٤٧ دا (٢٨,٦)کم ڕێگا هەیە بۆ هەر کیلۆمەترێک دووجا ئەم برە لە ساڵی ١٩٧٧دا دەبێتە (٢٧,٦)کم ڕێگا هەیە بۆ هەر کیلۆمەترێک دووجا پاشان برەکە کەمتر دەبێتەوە لە ساڵی ٢٠٠٢دا بۆ (٢٥,٧)کم ڕێگا هەیە بۆ هەر کیلۆمەترێک دووجا لە قۆناغی کۆتایدا برەکە زۆر کەمدەبێتەوە بۆ (١٧,٥)کم ڕێگا هەیە بۆ هەر کیلۆمەترێک دووجا.

٤.-دابەشبوونی شەقامەکانی شاری سلێمانی جیاوازە لە شارەوانییە جیاوازەکانی شاری سلێمانیدا زۆرترین شەقام لە شارەوانی ڕۆژئاوادایە بەبڕی(٩٠٨,٦)کم بە پلەی دووەم لە شارەوانی ڕۆژهەڵاتدابە بە بڕی (٧٥٨,٥) بە پلەی سێیەم لە ناوەندە بە بڕی (٣٣٠,٩)کم و بە پلەی چوارەم لە شارەوانی تاسلوجە (٢٨٠,٥)کم و بە پلەی پێنجەم لە شارەوانی ڕاپەڕین بە بڕی (٢١٥,٩) بە پلەی شەشەم لە شارەوانی بەکرەجۆ بە بڕی (١٧١,٤)کم.

٥.-چڕی شەقامەکان بەپێی ڕووبەری شارەوانییەکان جیاواز ە لە گەڵ درێژی شەقامەکان، چڕترین شارەوانی بە شەقامکان ناوەندە بە بڕی (٢٤,٧)کم/کم٢، بە پلەی دووەم شارەوانی ڕاپەڕین دێت بە بڕی (٢١,٦)کم/کم٢، بە پلەی سێیەم شارەوانی بەکرەجۆ دێت بە بڕی (١٧,١)کم/کم٢، بە پلەی چوارەم شارەوانی ڕۆژهەڵات دێت بە بڕی (١٧)کم/کم٢، بە پلەی دووەم شارەوانی تاسلوجە دێت بە بڕی (١٥)کم/کم٢، بە پلەی دووەم ڕۆژئاوا دێت بە بڕی (١٣)کم/کم٢.

## ڕاسپاردە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

١.–دانانی پلانێکی ستراتیژی و درێژخایەن ۆ دروستکردن و گەشەکردن و چاکسازی لە شەقامەکانی شاری سلێمانیدا بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئابوری و سیاسی و گۆڕانکارییەکان کە ڕودەدات لە ناوچەکەدا.

٢.–لە کاتی دروستکردنی شەقامەکاندا ڕەچاوی فراوانبوونی شار و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بکرێت چونکە شەقامەکان بۆ بەستنەوەی بەشە جیاوازەکانی شار بەیەکترییەوە لە لایەکی تر بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی شارەکەیە.

٣–هاوسەنگ ڕاگرتنی دروستکردنی شەقامەکان بەپێی شارەوانییەکان بۆ ئەوەی هەموو خزمەتگوزارییەکان بگاتە بەشە جیاوازەکانی شارەکە بەیَ جیاوازی.

## سەرچاوەکان:


بابان، جمال. (١٩٩٨) سلێمانی شارە گەشاوەکەم. بەرگی دووەم. سلیمانی.

ڕەشە، أكرم محمود ساڵحی. شاری سلێمانی. بەرگی دووەم.

شوانی، ئاکۆ عبدالکریم. (٢٠٠٢) شاری سلێمانی ١٩١٨–١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی– سیاسییە. سلێمانی. چاپخانەی زانست.

عزیز،حوسێن محمد. (٢٠٠٣) شەکرە شارەکەم سولەیمانی. سلێمانی. چاپخانەی شڤان.

عبدالله، فەرەیدون عبدالرحیم. (٢٠٠٨) بارودۆخی سیاسی کوردستان– عێراق. هەولێر. چاپخانەی منارە.

قەرەداغی، محمود. شارەوانییەکان.

کەریم، توانا ڕەشید. (٢٠١٢) سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥–١٩٥٨). هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

مەجید، هەوراز جەوهەر. (٢٠١٢) شاری سلێمانی (١٤ تەمموز١٩٥٨–١٧ تەمموز ١٩٦٨). هەولێر. چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

ئەسەسەرد، فەرید.( ٢٠٠٨) ڕێکەوتنامەی جەزایر پاش تێپەڕبوونی ٣٢ساڵ بەسەر مۆرکردنیدا. گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. ژ٥٤. ساڵی ١٦.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

تاڵب، جەزا تۆفیق. (٢٠٠٠) گەشەی دانیشتوان لە هەرێمی كوردستاندا. گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی. ژ٣١. ساڵی ٨.

خەیات، كمال محمد سعید. (١٩٩٩) دەربارەی ئابووری كوردستان لە ئۆتۆنۆمییەوە تا گەماڕۆی ئابووری.

گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی. ژ ٢. ساڵی ٧.

سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی. كارنامەی شارەوانی سلێمانی. ٢٠١٥.

سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی. كارنامەی شارەوانی سلێمانی ٢٠١٦.

حكومەتی هەرێمی كوردستان. وەزارەتی پلاندانان. دەستەی ئاماری هەرێم. بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی.

ئەنجامە سەرەتاییەكانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی. سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نیشینگەكانی ٢٠٠٩

بۆ پارێزگای سلێمانی لەگەڵ پێشبینی ژمارەی دانیشتوان بۆ ساڵانی ٢٠١٠ تاكو ٢٠٢٠. ئاماری سلێمانی، ٢٠١٠.

حكومەتی هەرێمی كوردستان. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار. سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی. بەشی ماستەرپلان. ٢٠١٨. زانیاری بڵاونەكراوە.

حكومەتی هەرێمی كوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، ٢٠١٨، زانیاری بڵاونەكراوە

حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی، بەشی gis، ٢٠١٨، زانیاری بڵاونەكراوە.

الجابري، مظفر علي. (١٩٩) التخطیط الحضر. الجزو الثاني. بغداد.

الدلیمي، خلف حسین علي.( ٢٠١٥) تخطیط المدن. عمان، دار الصفاو.

الشواورة، علي سالم. (٢٠١٢) جغرافية المدن. عمان. دار الميسرة.

غنيم، عثمان محمد وأخرون. (٢٠١٦) جغرافية المدن. عمان. الدار المنهجية.

سعيد، كامران طاهر. (٢٠١١). توسع مدينة السليمانية بتأثير الاَسر الحضري. أطروحة دكتوراه. جامعة سليمانية. كلية علوم الاَنسانية. قسم جغرافية. سليمانية. (منشورة).

الجمهوريةالعراقية، وزارة الداخلية، مديريةالنفوس العامة، المجموعة الاَحصائية لتسجيلعام ١٩٥٧، طبعت بمطبعة العاني، بغداد.

حكومة العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي **للَاحصاو**، نتائج ترقيم المباني و حضر السكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة السليمانية، ١٩٧٧.

حكومة العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي **للَاحصاو**، نتائج ترقيم المباني و حضر السكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة السليمانية، ١٩٧٧.

حكومة العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للَاحصاو، نتائج ترقيم المباني و حضر السكان لسنة ١٩٧٧ لمحافظة السليمانية، ١٩٧٧.

مديرية احصاو السليمانية، المؤشرات السكانية و بني الخدمات الارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.

مديرية أحصاو السليمانية، المؤشرات السكانية و البني الخدمية **الَارتكازية لَاقليم** كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.


مديرية احصاو السليمانية، المؤشرات السكانية و بني الخدمات الارتكازية لاقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢.

وزارة الداخلية، مديرية النفوس العامة، المجموعة الاحصائية عام(١٩٥٧)، لواو السليمانية وكركوك، مطبعة العاني، بغداد، جدول(٨).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

پاشکۆی (١)

شاری سلێمانیی لە ساڵی ١٩٢٥




**سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستنبە :**

**فؤاد حمه خورشيد، السليمانيه دراسه فى جغرافيتها التأريخيه، كاروان،ژماره ٤٥ .**

## پوختە:

شەقامەکان لە گرنگترین بەکارهێنەرەکانی زەوییە لە شارەکاندا چونکە هۆکاری بەستنەوەی ناوچە ئاوەدانییەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاری و ئەنجامدانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانە کە لە شارەکاندا ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە پێوستە بە کوالیتیەکی بەرز ئاڕاستەی درێژبوونەوەی شەقامەکان دیاریبکرێت بۆ ئەوەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کارەکانی بەباشترین شێوە ئەنجامبدات. بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ فراوانبوون و گەشەکردنی شارەکان هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا باس لە قۆناغەکانی دروستبوون و گەشەکردنی شەقامەکان دەکەین، پاشان باس لە دابەشبوونی جوگرافی ئەم شەقامانە دەکەین بەپێی سنوری جوگرافی شارەوانییەکانی شارەکە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەمایە ڕادەی هاوسەنگی دروستکردنی شەقامەکان دیاری بکرێت بەپێی سنوری شارەوانیەکان بەجۆرێک لەگەڵ بارودۆخی رامیاری و ئابوری و گەشەکردنی دانیشتواندا بگونجێت.

The Development of a street network in the city of Sulaimani



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019

Bayan Ali Hussain

Department of Geography, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region Iraq.
Email: bayan.hussain@univsul.edu.iq

Shad Hameed Mohammed

Department of Geography, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region Iraq.
Email: bayan.hussain@univsul.edu.iq

**Abstract**:

streets are one of the most important ways of using ground in cities because it's away to connect living areas and delivering the best service possible and doing numerous activities that are done in the cities because of that street need to be built only using the best materials and the best qualities to be the most useful for citizens and people of the cities so the roads need to suit the growth and expansion of the cities and they're so in this research we talk about the steps of building and growing streets However we try to create street in all municipal ideally they elastic with circumstance economic , political ,population.

**Key Words**: city, street, Development

**ملخص:**

الشوارع هي واحدة من أهم الطرق لاستخدام الأرض في المدن لأنه بعيدًا عن توصيل مناطق المعيشة وتقديم أفضل خدمة ممكنة والقيام بالعديد من الأنشطة التي تتم في المدن نظرًا لأن هذا الشارع بحاجة إلى البناء فقط باستخدام أفضل المواد و أفضل الصفات لتكون الأكثر فائدة لمواطني وأهالي المدن ، لذلك تحتاج الطرق لتناسب نمو المدن وتوسعها ، وهم في هذا البحث نتحدث عن خطوات البناء والشوارع المتنامية. مع ذلك فنحن نحاول ان نقود الشوارع في جميع البلديات بشكل مثالي، و أن تكون مرنة مع الظروف الأقتصادية و السياسية و السكانية.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(3).paper26 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.3, December.2019